# کاتێک سیاسەتی فرتوفێڵ کاریسە قوڵتر و هەڵدێریش مەترسیدارتر دەکات

بورهان أ. یاسین

٢٠١٧/١١/٣٠

## ناوەڕۆکی باس

پێشەکییێکی گشتی ------------------------------- ٣
هەندێ خاڵی لێوەدەرچوونی سەرەتایی --------------- ٣
چی ڕوو دەدات و چی دەتوانرێ بکرێ؟ --------------- ٨
دەرەنجام ------------------------------------- ١٤

## پێشەکییەکی گشتی[1]

ڕووداوەکانی دوای ریفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥، زۆر بە تایبەتیش لەدەستدانی خاکێکی زۆر، ئەرزهەژێکی سیاسی بوو، کە بەر لە هەرشتێک کۆمەڵێک لە کلۆڵی و کێماسییەکانی فەرمانڕەوایی باشووری کوردستانیان دەرخست. لە راستیدا نەک هەر ئەوە بەڵکو شکستێکی قوڵ، فراوان و فرەڕەهەند و تەنانەت دارمانی تەواوەتی ئەم فەرمانڕەواییە بوو.

ئەم وتارەی بەردەست هەوڵ نییە بۆ هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەن و ورد لەمەڕ ئەو شکستە مێژووییە، بەڵکو لەسەر وەستانێکی سنووردارە، بە تایبەتی هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر کار و کاردانەوەکان لە پێناو پاراستنی ئەوەی دەکرێ بپارێزرێ و تەکانێک بە سیستمە سیاسییەکە بدات، بە شێوەیەک کە دەروازەی چاکسازی و گۆڕانکاری لەم سیستمەدا بکاتەوە. وەک چوارچێوەیەکی تێگەیشتنیش لە ڕووداوەکان، باوەڕم وایە کە هەر قەیرانێک دوو نیوەی هەیە یەکێکیان کێشە و گرفت، بەڵام نیوەکەی دیکەشیان دەرفەت و کرانەوەیەکی نوێ بە رووی گۆڕانکاری و چارەسەر.

لە پێناو سنوردارکردنی وتارەکە و فەراهەمکردنی شێوەیەک لە مێتودی نووسین ئەم پرسیارە دەکەم: ئایا کێشەکان چین، لە کوێ سەرچاوە دەگرن، وە پێویستە چی بکرێ؟ دواجار وتارەکە زیاتر، بە شێوەیەکی خاڵبەندی، شێوازی خستنەڕووی چەند سەرنجێک وەردەگرێ.

## هەندێ خاڵی لێوەدەرچوونی سەرەتایی

لە سەرەتادا پێویستیمان بە هەندێ خاڵی لێوەدەرچوون هەیە بەر لەوەی هەوڵی وەڵامی بەشی هەرە کۆتایی پرسیارەکەی سەرەوە (واتە، ئایا چی باشە بکرێ) بدەینەوە، کە لە راستیدا ئەو بەشەیان هەوڵێکی گشتگیرتر و وردتری لەم وتارەی بەردەست پێویستە:

١) ئەو شتەی زۆر گرنگە، بۆ چارەسەریش ڕێگاخۆشکەر و چارەنووسسازە، ئەوەیە کە ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەسەر باشووری کوردستان هات نەک هەر پێویستە وەک شکست ببینرێ، بەڵکو بە ئیمتیاز شکست و دارمانە. شکستێکی سەرتانسەرییە، قوڵە، هەمەلایەن و هەمەڕەهەندە، گشتگیرە: دەربڕی مێژوویکی سەقەتە، زهنیەتێکی سەقەتە، کولتورێکی سیاسی بەهەڵەداچووە، ناسیۆنالیزمێکی کلۆڵە و سیستمێکی سیاسی ئەوپەڕی **ناسیستمە**، بەو مانایەی کە لە هەر شتێک بچێت بەڵام لە سیستم ناچێت. ئەم شکستە زۆر لە شکستی عەرەب لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیلی ساڵی ١٩٦٧ دەچێ کە بە هەرەسێکی مێژوویی بۆ وڵاتانی عەرەبی،

---

[1] ئەم وتارەی بەردەست پێشتر، لە سەرەتای ئەم مانگە (واتە نوڤەمبەری ٢٠١٧)، وەک نامەیەکی تایبەتی نووسراوە. ئەم دەقە بە دەستکاریکردنی نامەکە و هەندێک گۆڕانکاری، دەخەمە بەر دەستی خوێنەران.

ئەزموونی سیستمی سیاسی عەرەبی، ناسیۆنالیزمی عەرەبی و شکستی زۆر شتی دیکە بوو... تا رادەیەکیش ئەم شکستە بەرهەمی سەرکێشی و لەخۆ باییبونەکەی سەرۆکی میسر جەمال عەبدولناسر بوو. لە راستیدا ئەمە هەرنەبێ جاری دووەمە کە شکستەکانی ئێمە لە شکستەکەی ١٩٦٧ی عەرەب دەچێت، ١٩٧٥ و ٢٠١٧، بەڵام بە جیاوازییێکی زۆر گەورەوە: شکستی عەرەب لە ١٩٦٧، بووە هۆی گفتوگۆییێکی زۆر، ئەو کاتە و دواتریش، لە نێو ئەکادیمیست و سیاسی و رەوشەنبیرانی عەرەب، وە کۆمەڵێک بۆچوونی گرنگ دەرکەوتن، یەکێ لەوانە هەر بۆ نموونە بۆچوونی بورهان غەلیونە کە ئەو پێیوایە شکستی ١٩٦٧ شکستی سیستمە سیاسییە عەرەبییەکان بوو.[2]

جێگەی داخە کە شکستە کوردیەکەی ١٩٧٥ بێ هەڵسەنگاندنێکی جددی و قوڵ و گشتگیر تێپەڕی کە دواجار هەڵسەنگاندنێکی ئەوها ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە سەرتاپا جیهانبینی و دید و کولتوری سیاسی و ... هتد بزاڤی سیاسی لە باشووری کوردستان. چونکە هەڵسەنگاندنێکی ئەوها دەکرا ببێتە سەرچاوەی گۆڕینی قەناعەت و جیهانبینی کە دواجار وای ئەکرد کورد لە باشووری کوردستان لە **شەمەندەفەری شکست دابەزێ** و **سواری شەمەندەفەری سەرکەوتن بێ**: کورد خۆی هۆکارەکانی شکست رزگار بکات و ببێ بە هەڵگری هەندێ هۆکار و ئامرازی نوێی سەرکەوتن. . . لە راستیدا دەکرێ ئەم شێوازە لە تێگەیشتن یاریدەدەرمان بێت بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە ئایا بۆ لە کۆتایی هەشتاکانیش بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستان جارێکی تریش شکستی هێنا وە بۆچی دیسانەوە لە ٢٠١٧دا ئەو شکست و هەرەسە بەسەر کوردا هات.

مەترسی گەورە ئەوەیە کە چۆن شکستی ١٩٧٥ بەسەر کورددا تێپەڕی ئەوهاش شکستی ٢٠١٧ بەسەریدا تێبپەڕێ، بێ ئەوەی توانیبێتمان تێگەیشتن و چارەسەرێکی ریشەییانە بۆ هۆکارەکانی شکست و هەرەس بکەین و بدۆزینەوە. ئاخر ئەوەتا ئەندازیارانی شکستی ٢٠١٧ (لە پێس هەموویانەوە مەسعود بارزانی)، لە بری پەنابردنێکی عەقڵانی بۆ تێگەیشتن لە شکست، دیسانەوە پەنا بۆ گوناهبارکردنی ئەوانی تر دەبەن (وەک بۆ نموونە پشتکردنی ئەمریکا لە کورد، پیلانی سێ دەوڵەت، بە ئەبرامزی ئەمریکی هێرشیان کرد وە بەشێک لە ئەوانی دیکە،

---

[2] هەر بۆ بیرهێنانەوە من ساڵی ١٩٩٢ باسێکم دەربارەی خەباتی چەکداری، بە تایبەتی شکستی ١٩٧٥، بڵاکردەوە وە تیایدا ئەوەم خستۆتە روو کە دوای ئەم هەرەسە و دەستکردنەوە بە خەباتی چەکداری باس و خواسی زۆر کرا بەڵام پرسیارێکی هەرە گرنگ، لە راستیدا لە هەموو پرسیارەکان گرنگتر، نەکرا ئەویش ئەوەبوو: **ئایا گەر ئەم جۆرە لە خەبات دوای ساڵانێکی زۆر بە هەرەس و شکست تەواو بوو، ئەوە چییە وا دەکات کە هەمان شێوازی خەبات لە هەمان ژینگەی جیۆپلۆتیکیدا ببێتە هۆکار و ئامرازی سەرکەوتن؟** بە بۆچوونی خۆم ئەمە پرسیارە هەرە جدییەکە بوو، بەڵام بە داخەوە لەوە دەچێ کە **لە ئاکامی پێشبڕکێی دوو ئاراستە کۆن و کلاسیکییەکەی کوردایەتی لە باشووری کوردستان**، کە کام لەم دوو ئاراستە و هێزە تەقلیدییە **شانازی دەستکردنەوە بە خەباتی چەکداری و هەڵساندنەوەی کوردی بەردەکەوێت**، ئەوەیان بیر چوویەوە کە ئەم پرسیارە جەوهەرییە بکەن و هەوڵی وەڵامدانەوەی بدەن. . .

واتە بەشێک لە یەکێتی، خیانەتیان کرد و. . . هتد). ئەوەتا مەسعود بارزانی، بە هەمان ئەو عەقلیەتەی کە هۆکاری سەرەکی شکست بوو، دیسانەوە "**هەڕەشە**" لە ئەمریکا دەکات و دەڵێ "بە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا دەچینەوە"؛ دیوی تری ئەم قسەیە ئەوەیە کە پارتی خەریکە لە بادانەوەیەکی توند بۆ لای ئێران دەگەڕێتەوە بۆ مێتودە کلاسیەکی و سووتاوەکانی بزاڤی چەکداری کوردستان لە پێناو مانەوە و ئیدامەدان بە بوونی خۆی: ئەمەش شکست قوڵدەکاتەوە نەک چارەسەری دەکات. ئەم قسەیەی ئەندازیاری شکست (واتە پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکان، وەک هەڕەشەیەک) لوتکەیەکی کۆمیدییە بەڵام لە هەمان کاتدا تراژیدیشە: بارزانی، بە هەموو قەناعەتی خۆی، دەخوازێ بە ئەمریکییەکان بڵێت "لە تۆڵەی پشتکردن لێمان، تۆڵەتان لێ دەکەینەوە". ئەمە ڕێک ئەو لۆژیکەیە کە دەخوازێ نەک هەر بەسەر ڕاستی و تاڵ وتفتییەکانی شکستدا باز بدات تێگەیشتنێکی عەقڵانی بۆ نەکا، بەڵکو لەوەش ئەولاتر ڕێک دەخوازێ **شکست بکات بە سەرکەوتن**.

ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە هەر ئێستا و هەر لێرە ئێستەیەک بە ئەندازیارانی شکست، بە تایبەتی مەسعود بارزانی، بکرێ و بگوترێ کە بە پێویست هەمووان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوە نین لە شێواز و مێتودی تێگەیشتن لە شکست. جارێ خودێکی کلۆڵ و سیستمێکی کرمی و شکستخواردو بەر لە هەموو شت هۆکاری ئەم شکستەن، نەک ئەوانی دیکە و هێزە ئیقلیمییەکان و شتکردنی ئەمریکا لە کورد و... هتد. جگە لەمەش، لە هەر جێگایەکی ئەم دونیایەدا لە هەر شکستێک لایەنێک یا چەند لایەنێک بەرپرسی شکستیان گرتوتە ئەستۆ، ئەوە چۆنە کە لە شکستەکانی لەمەڕ وڵاتی ئێمە هیچ لایەن و کەس بەرپرس نین؛

**٢)** بە تێگەیشتنی خۆم یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئەم شکستە ئەو لوتبەرزی و بێمنەتییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە کار گەیشتە ئەوەی لە کامپینی ڕیفراندۆمدا مەسعود بارزانی پەنجە لە ئەمریکا و هاوپەیمانان و هێزە ئیقلیمییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕاوەشێنێ و بە دەنگێکی بەرز و هەڕەشەئامێز بڵێ "هەر چییەکیان پێدەکرێ با بیکەن" و "حیسابی فلسێکیان بۆ ناکەین" و ... هتد. ئاخر ئەگەر لە لوتبەرزییەکانی پێشوتر، بارزانی و پارتی لە ڕێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و دەرکردنی وەزیرەکانی گۆڕان و فرێدانی خەڵک بۆ ئەودیوی دیگەڵە و ترساندن و تۆقاندنی دەنگە ئازاد و ناڕازییەکان و زۆر شتی تر **بۆیان چوووبێتە سەر**، ئەوا لە لاییکی ترەوە جوان دەرکەوت کە ئەم لوتبەرزییەی ئەم جارەیان نەک هەر نەچووە سەر، بەڵکو ڕێک ئەم لوتبەرزییە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی ئەم ماڵوێرانییەی کە لە ڕیفراندۆمەکە کەوتەوە. دەبێ لایەنەکانی تر هەر لە سەرەتاوە، ئەگەر دەخوازن جارێکی تر

سیاسەت لەگەڵ پارتیدا بکەنەوە و ئەم سیاسەتەش زۆر لە هی پێشو جیاواز بێت و لەگەڵ ئەم حزبەدا بەشداری بکەن لەیەک حکومەتدا، پێویستە راشکاوانە ئەم خاڵە بەرەوڕووی پارتی بکرێتەوە و پێی بگوترێ: جێگای هاوبەشی و شەراکەتی سیاسی لەگەڵ ئەم جۆرە لە لوتبەرزییە نابێتەوە، کەواتە گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی و ریشەیی لە زهنیەت و جیهانبینی پارتی و بارزانیدا پێویستە بۆ فەراهەمکردنی **رادەی کەمی شەراکەت**. هەر لەبەر ئەم هۆیەش زۆر پێویستە ئەم شکستە بکرێ بە دەرفەتێک و هەر لێرە و هەر ئێستا ئەو گۆڕانکارییە بەسەر زهنیەتی پارتی و بارزانیدا بهێنرێ. بەبێ گۆڕانکارییێکی ئەوها ریشەییش لەوە ناچێت سبەینێ، تەنانەت سبەینێکەی دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوش، لە دوێنێ و ئەمڕۆ جیاوازتر و باشتر بێت؛

٣) کاتێک بارزانی دەسەڵاتەکانی دەداتە برازاکەی و کەمێکیش لەو دەسەڵاتە دەداتە **سەرۆکایەتی پەرلەمان** (نەک سەرۆکی پەرلەمان) و دەسەڵاتی دادوەری، ئەوا نەک هیچ رووی نەداوە بەڵکو ئەمە رێک سوڕانەوەیە و فێڵە، کودەتایە لە شێوازێکی شانۆگەری مەترسیداردا. بەتایبەتی ئەم گومانە جددیتر دەبێ کاتێک دەزانین کە سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەردووکیان **هەڵپسێرراون**، نەک کۆتاییان پێ هێنراوە.[3] ئاخر ئەگەر بارزانی دەسەڵاتەکانی داوەتە ئەوانی تر و خۆی وازی لە سەرۆکایەتی هێناوە چۆن دەتوانێ لە سەرەتای ئەم مانگەدا (رێک لە ٦-١١-٢٠١٧) بە ناوی گەلی کوردستانەوە هەڕەشە لە ئەمریکا بکات کە گوایە "**کورد بە پەیوەنییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا دەچێتەوە**". دواتریش لە راگەیێندراوێکیشدا بە توندی و، لە رووی دیپلۆماسی و یاسییەوە بە زمانێکی زبر، بڕیارەکەی (٢٠١٧/١١/٢٠)ی مەحکەمەی فیدراڵی رەد کردەوە... ئاخر ئەگەر هەر وا بڕوات ئەوا نەک هەر دەبێت چاوەڕوانی قوڵبوونەوەی زیاتری ئەم هەرەس و شکستە بین کە ئەمڕۆ تیایدا ئەژین، بەڵکو رێگا خۆش دەبێت بۆ هەرەسی تریش: ئاخر هەتا عەقلیەتی هەرەس، کولتوری سیاسی هەرەس و زهنیەتی هەرەس شادەماری دەسەڵاتی کوردی بێت، ئەوا بە ئەگەری زۆر هەرەسی ترمان لەبەر دەرگایە... ئاخر قەوارەی راستەقینەی شکست ئەو کات دەوردەکەوێ کاتێک دەبینین، بە هەمان ئەو لوتبەرزیەی کە سەرچاوە و هۆکاری شکستە، نێچیرڤان بارزانی **رێک و راست بە هەمان عەقڵیەتی ناردنە ماڵەوەی وەزیرەکانی گۆران دەڵێ "پێمان خۆشە وەزیرەکانی**

[3] من باوەڕم وایە ئەو شێوازەی کە مەسعود بارزانی و پارتی و پشتگیرەکانی یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتوی ئیسلامی مامەڵەیان بە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کرد، لە ریگای هەڵپساردنی هەردوکیان، هەڵوێستێکی ناخی پارتی دێموکراتی کوردستان دەشارێتەوە: تا ئەو کاتەی پێگەی سەرۆکی هەرێم بە زامنکراوی لەدەست پارتیدا بێت ئەوا پارتی ئەو پەڕی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ئەم پێگەیە ئەو پەڕی دەسەڵاتی هەبێت، بەڵام هەر کاتێک ئەم حزبە بزانێت کە ئەم پێگەیە لەدەست دەدات ئەوا بە پێچەوانەوە ئەو پەڕی هەوڵ دەدات کە ئەم پێگەیە تا بکرێ لە دەسەڵات خاڵی بکرێتەوە، یا ئەسلەن نەشمێنێت. ئەمەش روحی موفارەقە (پەرادۆکس)ەکەیە.

**گۆڕان بگەڕێنەوە" و ... هتد.**[4] لە ڕاستیدا هەندێکیش پێم سەیرە ناوی وەزیریکیشیان دێنێت، کە گوایە، بە زمانی نێچیرڤان، "پیمان خۆشە" لە شاندی دانوستان لەگەڵ بەغدا بەشدار بێت! لە ڕاستیدا ئەم قسەیەی نێچیرڤان بە قەد دەرکردنی ئەم وەزیرانە مرۆڤ نیگەران دەکات و ڕوحیشی ئەزیەت دەدات! جا لێرەدا پێویستە بپرسین ئایا هیچ لەم هەموو لوتبەرزی و خۆ بە زلزانییەی نێچیرڤان و پارتی گۆڕاوە، کاتێک تێدەگەین کە هێنانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان بەم شێوازەی نێچیرڤان دەیخوازێت، **بە قەدەر دەرکردنیان ناشیرین و قێزەوەنە،** چونکە دەربڕی لوتبەرزییکی ناشیرینە؟ نەخێر نا. ئەریّ هەمان ئەم وەزیرەی کە ئەو باسی دەکات لە کاریسەکەی بەدەستەوەدانی شەنگال چەند پرس و ڕاوێژی پێکرابوو هەتا ئەمڕۆ پێی بکریّ، وە ئایا چەندە لە کاتی دەست بەکاربوونیدا دەستی واڵا کرا لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و... هتد! دەرەنجام، من پێم وایە ئەگەر ئەم شکست و هەرەسە مێژووییە نەبووبێتە هۆی یەک زەڕڕە دابەزینی پارتی لەو هەموو لوتبەرزییە، **ئەوا سیاسەتکردن لەگەڵ پارتیدا دوای هەرەس بەقەد سیاسەتکردن پێش هەرەس قورس و ئەستەمە، لە ڕاستیدا تەنانەت زۆر ئەوڵاتریش:** چونکە دوای هەرەس پارتی شکست دەبەخشێتەوە بەسەر ئەوانی تردا، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بێن و یارمەتی پارتی بدەن بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن لە ڕاستکردنەوەی باری لەنگەری هاوسەنگی هێزیی ئەم حزبە و ببن بە شەریکی ڕاستەقینە لە شکستی ئەم حزبە و هیچی ترا! بە ڕاست ئەم بارە لەنگەرە بەکیّ ڕاست دەبێتەوە: ئەوەی کورد بە دەیان ساڵە، بە قوربانییکی زۆرەوە، بە کەوچک کۆی دەکاتەوە، پارتی و یەکێتی بە شە و ڕۆژێک بە شەقەڵ و بلدۆزەر هەموویان کردە قوڵایی دەریاوە!

٤) بە بۆچوونی خۆم مەسعود بارزانی وازی لە پێگەکە نەهێناوە و "سەرکردایەتی سیاسی کوردیش" هەڵنەوەشاوەتەوە، دەرەنجامی ڕیفراندۆمیش هەروەها هەڵنەوەشاتەوە. ئاخر ئەگەر بارزانی وازی لەم پێگەیە هێناوە ئەی ئەوە کێیە ئەو دەسەڵاتە دەداتە بارزانی، دوای ئەم هەموو بەزم و هەرایەی شانۆگەری دەست لە کارکێشانەوەیە، بۆ ئەوەی "بە ناوی هەموومانەوە، بە ناوی هەموو خەڵکی کوردەوە هەڕەشە لە ئەمریکا بکات" یا دواتر لە ڕاگەیاندراوێکدا هێرش بکاتە سەر دادگای فیدراڵی و نەک هەر بڕیارەکەی بخاتە ژێر نیشانەی پرسیار بەڵکو تەواوی بوونی ئەو دادگایەش بکاتە جێگای گومان؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە، هەر ئێستا و هەر لێرە پێویستە بە ڕاشکاوانەش وەڵامی بارزانی بدرێتەوە. بە تایبەتی گۆڕان دەبێ وەڵامی ئەم

[4] هەڵبەتە من ئەو وەڵامەی بزاڤی گۆڕانم پێ باش بوو کە ڕەفزی ئەم شێوازە لە گەڕانەوە دەکات، بەڵام دەشکریّ، یا ڕاستتر بڵێین پێویستە، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە بکرێن بە موناسەبە بۆ باشتر ناساندنی ڕوئیای گۆڕان و تێگەیشتنی ئەم بزووتنەوەیە لەمەڕ کێشە و چارەسەرییەکان.

پرسیارە و زۆر پرسیاری دیکە لەم جۆرە بداتەوە. چونکە ئێستا کێشەی پێگەی سەرۆکی هەرێم ئاڵۆزتر بووە و کێشەدارترە لە جاران: جاران هەموومان ئەمان زانی کە ئەم پێگەیە بە ناڕەوایی داگیر کراوە، بەڵام ئەمڕۆ لە لاییکەوە بارزانی لەو پێگەیە نەماوە بەڵام لە لاییکی ترەوە هەر لەم پێگەیە ڕاگەیاندن دەدات وەک ئەوەی خۆی سەرۆکی هەرێم بێت وە هەرنەبێ لە پشتی پەردەوە بڕیاری هەرە کۆتایی بەدەست خۆیەوە بێت: مەشهەدەکە ئاڵۆزتر بووە، تا پێچەوانەکەی. ئەم ئاڵۆزییە زیان بە کورد، وە زۆر بە تایبەتیش بە ئاسۆی چارەسەری کێشەکانی پەیوەندی هەرێم و بەغدا و مامەمەڵکردنێکی تەندروستانەی کوردستانی دوای شکست، دەگەیێنێ؛

٥) هێرشە هۆلاکۆ ئاساکەی بەڵتەچیەکانی پارتی بۆ سەر پەرلەمان و دواتر بۆ سەر ئۆفیسی NRT لە هەولێر لە کاتێکدا بوو کە نێچیرڤان بارزانی ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبوو: ئایا مەنتیقە بەم هەموو دەسەڵاتەوە، نێچیرڤان بەرامبەر چەند بەڵتەچییێک **بێدەسەڵات بێت**؟ ئایا هچ لۆژیکی تیایە کە نێچیرڤان بەم هەموو دەسەڵات و لوتبەرزییە، ئەو بێدەسەڵاتە بێت بەرامبەر کۆمەڵێک بەڵتەچی کە بە پێش چاوی ئەوەوە هێرشێکی هەمەجیانە دەکەنە سەر پەرلەمان و هەندێک لە میدیاکان. ئایا بۆ ناکرێ ئەمە بەشێک بێت لە فرتوفێڵەکانی نێچیرڤان بارزانی لە پێناو، بە دەستێک، تۆقاندن و ترساندنی ئەوانی تر وە، بە دەستێکی تریش، موجامەلەی هێزە سیاسییەکانی دیکە، کە مەبەستی هەردووکیشیان یەکێکە: ئەو دەخوازێ بەم دوو مێتودە باری لەنگەری سەنگی پارتی لە هوسەنگی هێزدا ڕاست بکاتەوە؟

## چی ڕوو دەدات و چی دەتوانرێ بکرێ؟

هەڵبەتە ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە هەر لەبەر ئەمەش لەم بەشەی وتاری بەردەستدا وەڵامێکی کتومتی ئەم پرسیارە نادەمەوە بەڵکو هەوڵ دەدەم بە تێکەڵاویەک لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و ئەوەی دەکرێ وەک بژاردە بکرێ دەخەمە ڕوو.

١) جارێ زۆر جێگای سەرنجە دوای ئەم هەموو شکستە مێژووییە خەریکە پارتی جارێکی تر دەبێتەوە خاوەن دەستپێشخەری و **هەمووان دیسانەوە وەک جاران چاویان لە دەست و ڕێگای پارتییە بزانن پارتی چی دەکات، چیان بۆ پێشنیار دەکات، چ بژاردەیەکیان دەخاتە بەردەست و دواجار چ بڕیارێکیش دەدات.** هەر لە هەمان چوارچێوەشدا، ئەگەر هێزەکانی دیکە دەستپێشخەرییێکیشیان هەبێت ئەوا بۆ ئەم حزبە زۆر گرنگ نییە و بە کات کوشتن هەر دەستپێشخەرییێکی هێزەکانی تر بیر هەموانی دەباتەوە. بەم مانایەش پارتی لە شکستێکی

مێژووییەوە خەریکە دەبێتەوە بە خاوەن دەستپێشخەری و بژاردە، بەم شێوەیەش نەک هەر لە شکست رزگاری دەبێت بەڵکو دەبێتەوە خاوەن دەستپێشخەری و دیسانەوە جڵەوی رووداوەکان دەگرێتەوە دەست خۆی.

بە پێ هەڵگرتن لەم بۆچوونە، بەندە بە هیچ جۆرێک خۆشبین نیم لە "دەسپێشخەری" و جموجۆڵە هەرە دواییەکانی نێچیرڤان بارزانی. یەکێک لە ئامانجە هەرە سەرەتاییەکانی ئەم جموجۆڵەش، کە ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەوڵدانە بۆ "گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو حکومەت"، بەڵام من پێم وایە ئەم گەڕانەوەیە، وە بەو شێوەیەی کە نێچیرڤان لە کۆنفرانسێکی میدیایدا گوزارەشی لێکرد، بە قەد دەرکردنی وەزیرەکانی ئەم بزووتنەوەیە و رێگریکردن لە سەرۆکی پەرلەمان ناشیا و ناشیرینە: ئامانجی پارتی لەم گەڕانەوەیە هی بوون بە شەریکە لە شکست زیاتر هیچی دیکە نییە نەک بوون بە شەریک لە دەسەڵاتدا، ئەگەر نا ئایا پارتی رازییە بۆ فەراهەمکردنی ئەم گەڕانەوەیە بە: **أ)** سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بچێتەوە، چونکە ئەم هەموو دەسەڵاتە، ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت، ئەوا نێچیرڤان بارزانی دەکات بە دکتاتۆر و دەرگای بۆ واڵا دەکات کە تاکلایەنە کۆمەڵێک بڕیاری گرنگ بدات؛ **ب)** ئایا بارزانی ئامادەیە بە رەسمی دەست لە پێگە داگیرکراوەکەی سەرۆکی هەرێم بکێشێتەوە، چونکە بەو شێوەیەی کە کرا ئەم پێگەیە لە حاڵەتێکی تەماویدا ماوەتەوە! دەڵێم بکێشێتەوە چونکە ئەم پێگەیە بە شێوەیەکی نارۆون مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ و بارزانیش چاوەڕێی چرکەی موناسیبە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم پێگەیە و هیچی تر؛ **ج)** ئایا پارتی ئامادەیە بە راشکاوانە **سەرکردایەتی سیاسی** هەڵوەشێنێتەوە؛ **د)** ئایا پارتی و بارزانی ئامادەن پرسی هەموو جومگەکانی دەسەڵات سەرلەنوێ لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز و نوێنەرایەتی و رەوایەتی دیمۆکراتی و پەرلەمانی دارێژنەوە؛ **ح)** ئایا پارتی، بەر لە گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو حکومەت، رازیە بە رێکەوتنێکی توکمەی سیاسی لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان کە تیایدا هەموو گرێ کوێرەکان بکرێنەوە و مەسەلە بنچینەییەکانیش چارەسەر بکرێن؟

**٢)** بە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا: زۆر روونە کە سەرکردەکانی پارتی، پێش هەمووشیان نێچیرڤان بارزانی، غەمی هەرە گەورەیان ئەوە نییە کە کورد ئەمڕۆ کەم یا زۆر ٥٠٪ خاکی لێ سەندراوەتەوە، **بەڵکو دیسان هەم و غەممی ئەو گومرگ و بەرمیلە نەوت و سەرچاوە داراییەکانە**. بۆ، وە چۆن؟ بە باوەڕێکی زۆرەوە دەڵێم ئەگەر بێت و بەغدا نەک هەر ١٧٪ بەڵکو زۆر زیاتریش لە بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێ، **بەڵام بە مەرجێک بەو پەڕی شەفافیەت دابەش بکرێ و هەر دینار و دۆلارێک بە وردبینییەوە هەژمار بکرێ**، ئەوا پارتی دیسان قەبوڵی ناکات. دیوەکەی تری ئەم قسەیەش ئەوەیە ئەگەر بەغدا زۆر کەمتریش لە ١٢٪

بودجەی عێراق بدات بە هەرێمی کوردستان، بەڵام بە مەرجێک وەک جاران پارەکە بدرێ بە پارتی، هەڵبەتە لە پاڵیشیدا یەکێتی، بەم مانایەش دوور لە هەموو وردبینی و شەفافیەتێک، ئەوا بە ئەگەری زۆر پارتی و یەکێتی رازی دەبن. هەڵبەتە دیوێکی تری ئەم بۆچوونە، وە هەر ئەمەش مەبەستە بیڵێم، ئەوەیە کە ئەگەر ئەو هەموو داهاتە **رەشە کە لە دەرەوەی چاودێری و وردبینی و دوور لە رێکارە یاساییەکان دەست ئەم دوو حزبە دەکەوێ** لێیان بسەندرێتەوە ئەوا بە ئاسانی "ئیمپراتۆریەی ئەم دوو حزبە" دەهەرفێ، ئەو دوو حزبە بە ئاسانی دەبنە "پڵنگی سەر کاغەز". هەر بەم لۆژیکە رێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا کە لەسەر ئەو پەڕی وردبینی کرابێ و بە میکانیزمێکی توکمەوە جێبەجێ بکرێ، ئەوا رێککەوتنێکی ئەوها بۆ ئەم دوو حزبە، بە تایبەتی بۆ پارتی، رێگا پێدراو نییە! ئاخر نێچیرڤان بارزانی ئەمڕۆش هەر قسەکەی بەر لە ریفراندۆم دەکاتەوە: "نەوت و داهاتەکان دەدەینەوە ئەگەر بەغدا ١٧٪ بودجە بنێرێ بۆ هەرێم". بەڵێ وایە، بەڵام بە مەرجێک پارەکە، هەر وەک پێشو، تەسلیمی دوو حزبەکە بکرێ و کیتاب و حسابی لەسەر نەبێ و هیچ جۆرە چاودێرییەکیشی لەسەر نەبێت؛

٣) پارتی ئەمڕۆ، ئەمەش موفارەقەکەیە، لە هەموو رۆژێک زیاتر خەڵکی کوردستان و قەزیە رەواکەی بە بارمتە گرتووە: ئەم بارمتەیە چۆن لە شەڕەکانی پارتیدا زیانی بەرکەوتووە، لە ئاشتییەکەشیدا لەگەڵ بەغدا هەر بە هەمان شێوە، تەنانەت زیاتریش، زیانی زۆری بەردەکەوێت! بە واتایەکی دیکە نە شەڕەکەی پارتی و نە ئاشتیەکەشی، کە خوازیارە لەگەڵ بەغدا بیکات، خێری بۆ خەڵکی کوردستان نیە؛

٤) ئەو گفتوگۆیانەی کە دوای ١٦ی ئۆکتوبەر، لە نێوان پارتی و بەغدادا تا ئێستا کراون، زیاتر لە سندوقێکی رەشدا کراون، بەڵام لەولاشەوە مەبەستە حزبییەکانی روونن! پرسیارێکی جدی ئەوەیە ئایا، ئەگەر بە گریمانە سبەینێ گۆڕان چوویەوە ناو حکومەتیش، ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو وردەکارییەکانی سیاسەتی حکومەت روو لە بەغدا و پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان گادار دەبێت و بەشداری چالاکانەی تیا دەکات؟ گومانم هەیە لەوە: ئەستەمە بەرژەوەندی حزبی و لوتبەرزییەکەی پارتی رێگا بەوە نادات!

٥) بە تەقدیری خۆم بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دەبێتە هەڵەیەکی مێژوویی ئەگەر بەوە رازی ببێت بگەڕێتەوە ناو حکومەت بەبێ ئەوەی کە رێککەوتونێکی سیاسی ئەو پەڕی گشتگیر، کراوە، توکمە و بە هەموو وردەکارییەکانی سیستمی سیاسییەوە کرابێت. رێککەوتنێک کە پێویستە ئەو پەڕی روون بێت، بەم مانایەش کەمترین رادە و بواری تەفسیر و تەفسیرکاری هەڵگرێ. **رێککەوتنێکی ئەوها لە خودی چوونەوە ناو حکومەت گرنگترە؛**

٦) بە تەقدیری خۆم دەرفەتێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی، دوای ئەم هەموو شکستە، ئیتر پارتی بهێنرێتە سەر قەوارە راستەقینەکەی خۆی: ساڵانێکە، بە نوێنەرایەتی پەرلەمانی، پارتی یەک لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمانی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ٧٥ تا ٨٠٪ جومگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەدەستەوە بێت. ئەگەر گۆڕان و هێزەکانی تر، بە تایبەتی کۆمەڵ، بتوانن لەگەڵ پارتی لە ئەمڕۆدا رێککەوتنێکی ئەوها بکەن کە ئەوە زامن بکات کە لە هەموو ئاست و جومگە گرنگەکانی دەسالّتدا پارتی هەروەک نوێنەرایەتییە پەرلەمانیەکە، واتە بە پێی یەک لەسەر سێ و هێزی چەکداریش ببێ بە هی حکومەت، ئەوا بەهانە و رەوایەتی گەڕانەوەیان بۆ حکومەت دەبێت. ئاخر جارێکی تر دەیڵێمەوە، ناکرێ ناچیرڤان خاوەنی ئەم هەموو دەسەڵاتە بێت بەڵام بەبەر چاوی ئەوەوە ئەم هێرشە هۆلاکۆ ئاسایە بکرێتە سەر پەرلەمان. ئاخر هەمان نێچیرڤان لە رووداوێکی لە هەمان چەشندا، وە لە شانۆگەرییەکی پڕ لە ناڕاستگۆییدا، لە داهاتووشدا دەستە وەستان بە دیار هێرشی تری لەم جۆرە، بەڵکو خەرابتریش، دەوەستێت. جا ئەو کاتە چی و ئایا ئەو کاتە بۆ زۆر شت درەنگ نابێت؟

٧) بە بۆچوونی خۆم ئەم دەسەڵاتە چۆن نەیتوانی شەنگال و کەرکوک و ناوچەکانی تر و دەستکەوتەکان بپارێزێ و شکستی هێنا، لە ئاشتیشدا لەگەڵ بەغدا هەر شکست دەهێنێ: دەسەڵاتی نێچیرڤان بارزانی خوازیاری رێککەوتنێک نییە کە تیایدا یاسا و دەستور و هەموو رێکارەکانی شەفافیەت و چاودێری باڵادەست بن. بەندە دەتوانم هەر لێرەوە دوورتر بڕۆم و بڵێم، لە پێناو پارە و نەوت و فروفێڵکردن لەم دوو بوارەدا، تەنانەت، ئەگەر شکستخواردووەکان ئەم ئاشتییە مۆر بکەن، بەشێکیش لەوەی کە تا ئێستا بە دەست کوردەوە ماوە لە ئاشتییەکەی داهاتودا لەگەڵ بەغدا دەدۆڕێ، ئەو کاتەش دەڵێین ئەوەتا قەوارەی کاریسەکە گەورەتر بوو لە ئەوەی لەسەرەتادا بینیمان؛

٨) بیناکراو لەسەر ئەوەی سەرەوە: ١) چونکە عەقڵیەت و زهنیەت و لوتبەرزی ئەم دەسەڵاتە نەگۆڕاوە؛ ٢) چونکە ئەم دەسەڵاتە خۆی نەکرد بە خاوەنی شکست؛ ٣) چونکە بە لۆژیکی پارتی و بارزانی هەر ئەوانی تر پیلان گێڕ و خیانەتکار و خەتابارن لەم شکستەدا، نەک خودی پارتی و بارزانی؛ ٤) چونکە لە پێناو مانەوەی خۆی پارتی ئامادەیە قوربانی بە هەردوو بارمتەکە (خەڵک و قەزیەکەی) بدات، ئەوا چونەوە ناو حکومەت لەگەڵ ئەم حزبەدا، بەبێ گۆڕانکاری ریشەیی، ریسکێکی گەورەیە بۆ هەر هێزێکی سیاسی و بۆ کورد و قەزیەکەی. هەر رێککەوتنێک لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ، جگە لەوەی کە دەبێت هەرە فراوان و ریشەیی و گشتگیر بێت، پێویستە سێ مەرجیشی تیا بێت: ١) جگە لە پرەنسیپەکان، دەبێ میکانیزمی جێبەجێکردن بە جوانی

دەستنیشان کرابێت؛ ٢) خشتەی زەمەنی روون و راشکاوی تیا بێت؛ ٣) بە شێوازی خاڵبەندی مەسەلەکان بە پێی ئەفزەلیەت ڕێکبخرێن؛

٩) گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پەرلەمان: أ. هەڵبەتە پەرلەمان زۆر عەیبدار کرا بە درێژکردنەوەی ماوەکەی. گریمان ئەگەر ئەوەشمان قەبووڵ بێت بەڵام ب. گرنگە پێش هەموو کەس سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرسیارە لە خۆی بکات: ئایا گەڕانەوە لە پای چی، بۆچی وە لە پێناو چ ئامانجێک. هەڵبەتە ئەگەر زۆرێک لەو دەسەڵاتانەی دراوە بە نێچیرڤان بارزانی بدرانایە بە سەرۆکی پەرلەمان و هاوکێشەی ناو پەرلەمان بە شێوەیەکی تر بووایە ئەوا دەکرا پرسیارەکان بە شێوەیەکی تر بن و هەڵوێستیش شێوازێکی تر وەرگرێت؛ ج. هەڵبەتە گەڕانەوەکە زۆر پەیوەستە بە بڕیار و هەڵوێستی گۆڕان کە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ تێبگات کە پێگەی سەرۆکی پەرلەمان ئێستاش یەکێکە لە کارتە بەهێزەکان لە دەست گۆڕاندا. بەڵام دوای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و گەڕانەوەی یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی بۆ یارییە کۆنەکان لەگەڵ پارتی و وازهێنانی شێخ فەخرەدین (سکرتێری پەرلەمان)، ئەگەر ئەم کارتە بە تەواوەتیش نەسوتابێ، ئەوا بێ گومان زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و دەکرێ بڵێین ئەم کارت و پێگەیە تەنانەت بڵێین لەکەداریش بووە؛ د. لە هەمووشی گرنگتر سەرۆکی پەرلەمان بە گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان دەچێتە هاوکێشەیەکی زۆر ناهاوسەنگ: لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا ٢ (جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێرە بوێکە) بەرامبەر بە ١ (واتە سەرۆکی پەرلەمان). کەواتە لە حاڵەت و هاوکێشەیەکی ئەوهادا سەرۆکی پەرلەمان چی بۆ دەچێتە سەر ئەگەر ئەوانی تر دوو بن لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، وە لە لایەکی تریشەوە سەرۆکی پەرلەمان بە تەنیا بێت. جگە لەوەش، زۆرینەیەکی پارتی و یەکیتی (هەڵبەتە بە یارمەتی یەکگرتوو و کۆتاکان) لە ئێستادا بەرامبەر ئەوانی تر باڵا دەستە و لە بارێکی ئەوهادا، لە باشترین حاڵەتدا دەتوانرێ هەندێ کار برێ بۆ تێکدانی هەندێک لە "یاری" و کارە گوماناوی و زیانبەخشەکانی ئەو زۆرینەیە، بەڵام بۆ ئەمەشیان دەرفەت زۆر کەمە. بە کورتی و بە چڕی من گومانم لە حیکمەی گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمانە بۆ پەرلەمان، بەبێ ڕێککەوتنێکی پێشوەختی گشتگیر، وە بە مەرجی تازەوە کە یەکێکیان ئەوەیە کە ڕێککەوتنێکی ئەوها رۆڵێکی سەرەکی و گرنگ و یەکلاکەرە و شەریکی راستەقینە بدات بە گۆڕان و کۆمەڵ؛

١٠) هەڵوێستی گۆڕان و کۆمەڵ بۆ دروستکردنی حکومەتی رزگاری نیشتمانی هەنگاوێکی هەرە شایستە و دروست بوو، بەڵام لەوە دەچێت کە شتێک زۆر کاریگەری خەرابی لەسەر ئەم بژاردەیە هەبووبێت بۆ ساردبوونەوە لێی ئەویش ئەویش نامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

بووبێت، کە پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی نێچیرڤان و قوباد ڕاگەیاند وە داوای کرد لایەنەکان پشتگیری لەم حکومەتە بکەن! جگە لەوەی کە، هەڵبەتە جێگای داخیشە، ئەمریکا دیسانەوە شتێکی هەڵبژارد کە لە بەرژەوەندی کورد نییە، ئەم هەڵوێستە زیان بەخش دەبێت لە ڕێگای درێژکردنەوەی تەمەنی حکومەتێکی شکستخواردوو: شکستخواردوو لە بواری سیاسیدا، لە بواری ئابووریدا، لە بواری پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان و . . . هتد. خەراپتر لەمەش، مانەوەی ئەم حکومەتە بۆ هەر چرکەیەک، نەک کاتژمێر و ڕۆژێک، **زیان بە دواڕۆژی کورد دەگەیێنێت**. چونکە بەر لە هەموو شتێک مێتودی فرتوفێڵ و کات کوشتن و خۆ دزینەوە لە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، دەکرێ بە زیانی زۆر زۆرتر بۆ هەرێمی کوردستان تەواو ببێ لەوەی کە تا ئێستا ڕوویداوە. بە واتایەکی دیکە **بێگومان لە قازانجی کوردە ئەم پرۆسەیەی داڕمانەی دوای ریفراندۆم هەرچی زووتر، تەنانەت کاتژمێرێک زووتر، ئەم پرۆسەیەی داڕمانە بوەستێنرێت**.

دامەزراو لەسەر ئەم باوەڕە کورد لە باشووری کوردستان هیچ چارەسەرێکی تری نییە تەنها خستنی ئەم حکومەتە نەبێت: دەکرێ پارتی و یەکێتیش جێگەیان لە حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی یا کاتیدا هەبێت، بەڵام هەرگیز نابێ لە پێگەی بڕیادەر بن، بەڵکو تا بکرێ لە پەراوێزی بڕیارە گرنگەکاندا بن.

بە بۆچوونی خۆم باش نەبوو وە جێگەی خۆشی نەبوو کە گۆڕان وا بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەری هەڵوێستەکەی ئەمریکای پشتگیریکردنی لە حکومەتی قوباد و نێچیرڤان. جگە لە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەم هەڵوێستە نوێیە زیانبەخشەی ئەمریکا، پێویست بوو گۆڕان بکەوتایەتە پەیوەندی چڕ و پڕ لەگەڵ ئەمریکییەکان وە، جگە لە داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر هەڵوێستەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پشتگیرییە، هەوڵی ئەوە بدرایە کە بەرامبەر ئەم پشتگیرییە هێزە سیاسییەکان پێویستییان بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و توکمەیە وە بۆ فەراهەمبوونی ئەم ڕێککەوتنەش لایەنەکان چاوەڕوانی ڕۆڵێکی پۆسەتیڤانە و چاودێری ئەمریکان لەمەڕ ڕێککەوتنێکی ئەوها، ئەگەر نا ئەوان، واتە بزاڤی گۆڕان، ناتوانن پشتگیری لە حکومەتە شکستخواردووەکەی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تالەبانی بکەن و کاریش بۆ بژاردەی تر دەکەن؛

١١) لە ئاستی حکومەتی خۆجێی سلێمانی و هەڵەبجە و ناوچەی گەرمیان و ڕاپەڕین نابێت گۆڕان بیر لەوە بکاتەوە کە پشتگیری لە جیاکردنەوەی ئەم ناوچانە بکات لە پێناو، بۆ نموونە، بە دەستهێنانی موچە بۆ چەند مانگێک. لە ڕاستیدا ئەم ناوچانە دەتوانن باشتر ببن بە فشار

لەسەر حکومەتی هەرێم و پارتی، وە بە شێوازێکی تەندروستتر ڕۆڵی بەهێزکردنی پێگەی کورد بەرامبەر بەغدا ببینن، ئەگەر بژاردەی ڕەدکردنەوەی هەر چارەسەرێکی ناوچەیی تەسکیان کرد بە ستراتیژ. بە واتاییەکی دیکە، قەبوڵکردنی مامەڵەی جیا لەگەڵ سلێمانی لە لایەن بەغداوە، دەستی پارتی لە بچووککردنەوەی قەزیە و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد والاتر دەکات وە پەراوێزی تاکڕەویکردن و موجازەفەکردن بە مەسەلە هەرە نیشتمانییەکان بۆ ئەو حزبە زیاتر دەکات و بەهانەی ئاراستە و هەڵوێستێکی ئەوهاشی دەداتە دەست. جگە لەمەش، کاری پارتی ئاسانتر دەکات لە گوناهبارکردنی ئەوانی تر بە دوو ئیدارەیی و . . . هتد؛

١٢) لەم قۆناغەدا کار و ئەرکێکی زۆر گرنگی گۆڕان ئەوەیە کە لە قۆڵی ناوخۆ و دیپلۆماسیدا بە چڕی و بە پەلە هەوڵی بەرجەستەکردنی بژاردەی حکومەتی نیشتمانی/حکومەتی ڕاگوزەر/حکومەتی کاتی بدات. لە ڕاستیدا حیکمە لە ناوی حکومەتدا نییە، بەڵکو لە ناوەڕۆک، بەرنامە و کاری حکومەتەکە؛

١٣) لێرەدا پرسیار ئەمەیە: ئایا ئەگەر تابلۆکە ئەوها شێواوە و هیوا بەخش نییە، ئەی چوونەوەی گۆڕان بۆ ناو حکومەت لەم کات و ساتەدا خزمەت بە چی دەکات؟ بەندە باوەڕم وایە کاتی ئەوە هاتووە بزاڤی گۆڕان و کۆمەڵ خۆیان یەکلابکەنەوە: نە ڕێگا بدەن ببن بە بەشێک لە فرتوفێڵەکانی نێچیرڤان بارزانی، نە ببنە بەشێک لە شکست و بەشداری بکەن لە پرۆسەی **بەشینەوەی شکست لە لایەن پارتییەوە بەسەر ئەوانی تردا** و نەشبێتە دەستکەلای پارتی و یەکێتی لە یارییێکی پڕ لە گوماندا، **بەڵکو لە دەرەوەی ئەم فرتوفێڵ و یارییە گوماناویانە، لەم ماوە کەمەی کە ماوە، خۆی باشتر بسازێنێ و ئامادە بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو**. لە ئێستادا هیچ هێمایەک نییە کە جوتەکەی دەسەڵات (نێچیرڤان و قوباد) واز نە لە پێگەکەیان بهێنن وە نەش ئامادە بن بە شێوەیەکی ڕیشەیی چاکسازییێکی ئەوها بکەن وە ئامادە بن لەسەر بنەمای ڕێکخستنەوەی هاوسەنگی هێز شەراکەتی ئەوانی تر قەبوڵ بکەن.

بەر لە هەر شتێک، هەر وەک لەسەرەوە گوترا، نێچیرڤان بارزانی ئێستاش کات دەکوژێ، **ئێستاش هیوایەکی زۆری بەوەوە هەڵچنیوە کە وەک جاران بە یارمەتی ئەنقەرە یاخیبوون لە حکومەتی عێراق فەراهەم بێت: دەتوانم بڵێم هەندێک هێمای پێشوەچوونێکی ئەوهاش هەر زوو دەرکەوتوون**: هەر کاتێکیش ئەنقەرە دەرگای بە ڕووی نێچیرڤان بارزانیدا کردووە ئەوا جارێکی تر هەرێم دەگەڕێتەوە ناو بازنەی **یارییە کۆنەکە** واتە دورکەوتنەوە لە بەغدا وە جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ ئەو باوەڕەی کە **چارەسەر لە ئەنقەرەیە نەک لە بەغدا**. ئەگەر ئەمەش ڕوویدا ئەوا جارێکی تر بارزانی و پارتی دەگەڕێنەوە پێگەی جارانیان نەک هەر بەرامبەر بەغدا بەڵکو

بەرامبەر هێزە ناوخۆکانیش، بە تایبەتی گۆران و کۆمەڵ. بە مانایەکی تر لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر بواری کەمێک سیاسەتکردن هەبێ لەگەڵ پارتیدا ئەوا لەم کاتەدادایە **کە هێشتان ئەنقەرە جارێکی تر دەرگای بە رووی نێچیرڤان بارزانی و پارتیدا نەکردۆتەوە**. هێزێکی سیاسی جددی و خاوەن جەماوەر و خاوەن قەزیە ناکرێت وا بە ئاسانی خۆی بکات بە بەشێک لە فرتوفێڵەکانی نێچیرڤان بارزانی!

لە قوڵایی باوەڕی خۆم دەڵێم، ئەوەی ئێستا پارتی و نێچیرڤان خەریکین لەگەڵ بەغدا مەبەست لێی ئاشتی و رێککەوتنێکی گشتگیر و سەرتاسەری نییە کە لە خزمەتی خەڵک و خاک و قەزیە رەواکەیدا بێت، بە قەدەر ئەوەی فرتوفێڵ و کات کوشتن بۆ کۆمەڵێک مەبەست، کە گرنگترینیان هیواخوازییە بە هەرنەبێ دەسکەوتی بەشێک لە نەوت و گومرگەکان بۆ پارتی بمێننەوە وە بە هیوایەی ئەوەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵوێستی هەندێ لایەن، بە تایبەتی تورکیا، بەرامبەر بە پارتی بگۆڕێ و جارێکی تر ئەم حزبە دەرفەت بهێنێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ یارییە گوماناوییە کۆنەکان لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی و پەیوەندییە ئیقلیمییەکان **بە یارمەتی و پشتگیری تورکیا**. بێگومان ئەم مێتودی فرتوفێڵ و کوشتنی کاتە، لە لاییکی ترەوە، بە زیانی کورد دەشکێتەوە، چونکە کورد جارێکی تر ناچاری گەڕانەوە بۆ ناو یارییە کۆنەکە دەکرێ بە پێگەیەکی لاوازترەوە بەرامبەر بەغدا و بەرامبەر ئەنقەرە، وە بێگومان لەم یاریەشدا قوڵبوونەوەی شکست و قەیران لە پێشمانەوەیە تا ئەوەی شکست و قەیرانمان جێهێشتبێ. پێویستە هەر لێرەشدا ئاماژە بە سیناریۆیەکی پێچەوانەش بدەین: ئەگەر هات و پارتی و بارزانی لە تورکیا بێهیوابوون ئەوا تەنها ئەو کاتە بە جددی روو دەکەنە بژاردەی رێکەوتن لەگەڵ بەغدا و گفتوگۆی جددی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی کۆمەڵی ئیسلامی و بزاڤی گۆڕان؛

١٤) هەر بناکراو لەسەر ئەوەی گوترا، بازنەیەکی هەرە مەترسیدار لە بازنەکانی هەرەس و شکست **هێشتان لە پێشمانەوەیە**: ***بازنەی گۆڕینەوەی قەزیە و خاک و خەڵک بە مانەوەی هەندێک لە جاوبرسییە دەسەڵاتدارەکان لە دەسەڵاتدا لە پرۆسەیەکی "ئاشتی" ناهاوسەنگ و بگرە خۆ بەدەستەوەدان***. ئەمەش پێویستە هەر ئێستا و هەر لێرە بوستێنرێت!

## دەرەنجام

مەبەست لەم سەرنجانەی سەرەوە ئەوە بوو کە تیشکێکی تر بخەمە سەر ئەوەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان روودەدات، هەڵبەتە بە پێ هەڵگرتن لە رووداوەکانی دوای ریفراندۆم، کە بە هەموو پێوەرێک شکستێکی گشتگیر، قوڵ، هەمەلایەن و فرە رەهەند بوو. ئەم شکستە بە هیچ

شێوەیەک دابڕاو نییە لە رابردوێکی پڕ کێشە لە زۆربەی زۆری ڕەهەندەکانی کولتوری سیاسی بزاڤی سیاسی کوردستان، کلۆلی ناسیۆنالیزمی کوردی و کەسایەتی کورد. بە ئەگەری زۆر بەبێ هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و قوڵ لە هەموو ڕەهەندەکانی شکست، ئەوا بە ئەگەری زۆر **روو لە داهاتوش ئێمەی کورد لە شکست و هەرەس پارێزراو نابین**. باری لاسەنگی ئەزمونێکی شکستخواردوو بە فرتوفێڵ و موجامەلە و خۆدزینەوە لە باسی شکست، **لەمانەش هەمووی خەراپتر بە هەوڵی کردنی شکست بە سەرکەوتن**، راست ناکرێتەوە. هەر لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەشەوە، ئەم نووسراوەی بەردەست ناتوانێت ئەو لێکۆڵینەوە گشتگیر و هەمەلایەنە بێت کە ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی، بەڵکو دەتوانێ لە باشترین حاڵەتدا چەند سەرنجێک لەسەر قۆناغێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە تۆمار بکات . لە راستیدا هەڵسەنگاندنی ورد و گشتگیر لە هەموو ڕەهەندەکانی ئەم شکستە مێژووییە پێویستی بە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەیە، لە گۆشەبینی جیاجیاوە، بۆ گەیشتن بە هەندێک دەرەنجامی پێویست کە دواجار یەرمەتیدەر بن بۆ ئەوەی کورد و ئەزموونەکەی لە **شەمەندەفەری شکست دابەزن وە ببن بە سەرنشینی شەمەندەفەری سەرکەوتن.** لێرەشدا یەک شت زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە لە راگوزەرێکی ئەوهادا نابێ و ناکرێ ئەوانەی کە ئەندازیاری شکست بوون هەمان ئەو کەرەکتەرانە ببن بە ئەندازیاری چارەسەر و فریادڕەس، هەر کاتێکیش ئەمە روویدا ئەوا بە ئەگەری زۆر خەراپتر لە پێشمانەوەیە!

لەو سەرنجانەی لەم وتارەدا هاتوون زۆر زیاتر ئاماژە بە رۆڵی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دراوە وەک هێزی سەرەکی بەرپرس، بەڵام گرنگە لەم دەرفەتەدا ئەوەش بڵێین کە ساڵانێکی زۆرە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەو کاتەشی کە مام جەلالیش سکرتێری گشتی بوو، رۆڵێکی ئەوپەڕی نێگەتیڤانەی بینیوە لە یارمەتیدانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە تێپەڕاندنی هەر شتێک کە وسیتبێتی بیکات، هەر لە درێژکردنەوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لە ٢٠١٣دا و دواتر کودەتاکەی ١٢ی ئۆکتۆبەر و دواتریش لە کاریسەکەی ریفراندۆم و هەرەسی پەیوەندیدار بۆ ئاکامەکانی ئەم ریفراندۆمەوە. بزاڤی گۆڕان لە دەستنیشان کردن و تێگەیشتنێکی ورد و شایستەی لەجێدا، لەمەڕ رۆڵی یەکێتی، سەرکەوتوو نەبووە. جارێکی تریش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی خۆمم کە هەر لە سەرەتای رێککەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان گوتم "ئەم ریکەوتنە دەبێتە ئەفگانستانی گۆڕان"، واتە چۆن کاتی خۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفگانستاندا گیری خوارد و باجێکی قورسی چوونە ناو ئەو وڵاتەی دا، هەر ئەوهاش گۆڕان باجێکی قورسی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ یەکێتی دەدات.[5] زۆرێک لە سەرکردەکانی یەکێتی ساڵانێکە

[5] http://burhanyassin.com/Bashuri%20Kurdistan%20leberdem%20duryanda%208.12.2016.pdf

بوونەتە بارگرانی و عەیبەیەکی سیاسی و تەنانەت هۆی ئیفلیجبوونی ئەو حزبەکەی خۆیان، ئایا چۆن دەکرێ ئەو چاوەڕوانییە هەبێت کە هەمان ئەو سەرکردانە ببن بە خاڵی گەش و هێز لە یارییەکانی یەکێتی لەگەڵ گۆڕاندا. بە مانایەکی راشکاوتر ئەگەر ئەم سەرکردانە بوونەتە هۆی وێرانکردنی ماڵی یەکێتییەکان لە ناودا، چۆن دەتوانن ببن بە بناساز و پشگیری گۆڕان و گۆڕانخوازان. لە راستیدا تێبینی دەکرێ هەر کاتێک سەرکردایەتی یەکێتی ویستبێتیان باری لەنگەر و لاسەنگی خۆیان لە هاوسەنگی هێز بەرامبەر بە پارتی راستبکەنەوە ئەوا، با بە زمانێکی رووت بیڵێین، "سەلامعەلیک" و مەجامەلەیەکی گۆڕانیان کردووە: سەیر ئەوەیە کە بە پێش چاوی سەرکردایەتی گۆڕانەوە ئەم سەرکردە یەکێتیانە جار دوای جار ئەم یاری و فرتوفێڵەیان بۆ چۆتە سەرا!

ئەوەی کە ئەمڕۆ مەترسی هەرە گەورەیە ئەوەیە کە ئەوەی نێچیرڤان بارزانی و پارتی ئەمڕۆ دەیکەن لە موجامەلەکردنی هێزە سیاسییەکانی تر، بە تایبەتی گۆڕان و کۆمەڵ، تەنها کوشتنی کاتە و سەنگی سیاسەتە راستەقینەکەیان لە جێگایەک و ئاراستەیەکی تر دایە: بارزانی و پارتی هەوڵ دەدەن رۆژێک زووتر بگەڕێنەوە یارییە کۆنەکەیان لەگەڵ ئەنقەرە و بەم شێوەیەش بگەڕێنەوە لوتبەرزی و "بێمنەتییەکەی" جاران روو لە بەغدا و روو لە هێزە سیاسییەکانی تری هەرێمی کوردستان. بە مانایەکی تر ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر نێچیرڤان بارزانی و پارتی هەوڵ دەدەن بگەڕێنەوە چوارچێوەی ئەو کەلتورە سیاسییەی کە بەردەوام سەرچاوەی شکست بووە، واتە **گەڕانەوە بۆ بازنەی پشتبەستن بە داگیرکارێکی تر بۆ رزگاربوون لە تەوق و فشاری داگیرکارێکی تر و خۆهەڵکێشان بەرامبەر هێزە سیاسییە کوردستانییەکانی تر.**

ئەوەی دواجار جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە گۆڕان، بە پشگیری کۆمەڵی ئیسلامی، پرۆژەیەکی گشتگیری بۆ دەربازبوون لەم دۆخە خستەڕوو، بەڵام هەموو ئەو ئاکامەی کە لە لایێکی ترەوە لە هەوڵ و جولەی نێچیرڤان بارزانی کەوتەوە دواجار تەنها یەک شتە: "دەستنیشانکردنی کاتێک بۆ هەڵبژاردن". بەڵام بە بۆچوونی خۆم لە دیدی پارتی و بارزانییەوە ئەم دەستبردنە بۆ هەڵبژاردن وەک پرۆژەی چارەسەر نییە، بەڵکو مەبەست لێی بە توندی قیامکردنی کارتی یەکێتییە لە دەستی خۆیدا، لەبەر هۆیێکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کە **لە پیناو رازیبوونی پارتی بە دواخستنی هەڵبژاردن، ئەوا لە بەرامبەردا یەکێتی ئامادە دەبێت هەموو شتێک بۆ پارتی بکات چونکە یاکێتی کەمترین رادەی ئامادەکاری بۆ چوونە ناو هەڵبژاردن نییە**: ئەمەش روحی کاریسە و تراژیدیاکەیە!